رێئیسی:سەرۆک وەزیرانی عێراق کار بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئێران دەکات



ئیبراهیم ڕێئیسی سەرۆک کۆماری ئێران ئەمڕۆ دووشەممە دووپاتیکردەوە، کە سەرۆک وەزیرانی عێراق کار بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئێران دەکات.

ڕێئیسی، لە میانی کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە تاران وتی: پێیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران پێشکەوتنێکی گەورە بەخۆیەوە دەبینن، ئاماژە بەوەشکرد" سەرۆک وەزیران کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە ئەمنییە دەکات کە لەنێوان عێراق و ئێران واژۆکراوە.

سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێران سوپاسی حکومەتی عێراقی کرد بۆ پێرێپەدانی پێیوەندییە ئابووریەکانی نێوان هەردوو وڵات و بەستنەوەی هێڵی ئاسنین و ئاماژەی بەوەش کرد کە گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆک وەزیران سەبارەت بە دەخی غەزە ئەنجام دەدرێت.

هەروەها وتی: عێراق و ئێران هێزەستی هاوبەشیان هەیە سەبارەت بە پرسی فەلەستین، وقەوارەی زایەنی دوای ئەو شکستەی کە تووشی بوو، داماوە.

ڕەئیسی ئاماژەی بەوەشی کرد کە دەبێت ئاگربەست ڕابگەیەندرێت وتاوانکانی قەوارەی زایەنیستی ڕابگیرێن و یارمەتییەکان بگەیەنرێتە غەزە، و هەرکەسێک پشتگیری لە قەوارەی زایەنیستی دەکات،

بەشدارەکە لەو تاوانانەی کە لە غەزە ئەنجامی دەدرێت.

لەدرێژەی وتەکانیدا راگەیاند: قەوارەی زایەنیستی تووشی شکستێکی گەورە بوو لە غەزە، دووبارە سوپاسی سەرۆک وەزیرانی عێراق کرد بۆ هەوڵستکانی بۆرامبەر بەپرسی فەلەستین.